کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 5-7-2007 2:09

**نەسرین... ئەو کچەی لەرۆژی بوکێنیدا جەستەی بێگوناهی بوو بە خۆڵە مێش ... بەهرەوەر مەرزانی:**

کۆمەڵگای کوردستان وەك یەکێك لە کۆمەڵگا دوا کەوتووەکانی رۆژهەڵاتی ناوین پڕە لەدیاردەی وا کە مرۆڤ قێزیان لێدەکاتەوە، یەکێك لەو دیاردە قێزەونانەش کوشتنی ژنان و کچانە بە بیانووی جۆراو جۆر، کەزۆربەی جاران ژیانی کچانی روو سوری ئەم نیشتمانە دەکرێنە قوربانی حەزوو ئارەزووەکانی پیاوان.



نەسرین ئەوکچەی لەچاوەکانیدا دەیان خەونی رەنگاڵەیی بەدیدەکراو دڵە پاك و بێگەردەکەشی پڕبوون لەئومێدو ئاواتی جوان جوان، بەڵام هەموو ئەمانە لەگەڵ هاتنی خەزانی زەردی تەمەنی بەڕەشەبای حەزوو ئارەزووەکانی باوکی هەڵوەرین و نەك هەرخەونەکانی بەڵکو رۆح و جەستەو هەناسەشی گریان تێبەردرا.

مام کەریم ی باوکی تەمەنی گەیشتبووە نزیکەی شەست و پێنج ساڵان و بەردەوام باسی ژن هێنانی لەسەر دەم بوو، زۆربەی کاتەکانی ژیانی ئەو ماڵە بە شەڕو ئاژاوە بەسەر دەچوو، منداڵەکانی خەونیان بەوەوە دەبینی کە ژەمێك خواردن بە ئارامی و دوور لەشەڕو ئاژاوە بخۆن، ئەو ئێوارەیە جیا لەهەموو ئێوارەکانی تر کەریم بەخەندەو پێکەنین و قسەی خۆش خۆش لەگەڵ منداڵەکانی دەدواو دەستی بەسەریاندا دەهێنا، جار جارەش رووی لەکچە گەورەکەی دەکردوو دەیگوت: نەسەکە کیژم فلانە شت بۆ باوکی خۆت بێنە، ئەو هەڵس و کەوتەی کەریم بوو بووە مایەی سەرسوڕمانی منداڵەکانی و دایکیشیان، بۆیە دایکی نەسرین دەستی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوەو گوتی: یارەبی خودایە لەتۆ بەزیادبێ ئەم ئێوارەیە منداڵەکانم چەندە دڵیان خۆش بوو تێر نانیان خوارد، ئەمجارەیان رووی کردە باوکی منداڵەکانی و گوتی: کەریم تەماشاکە منداڵەکان چەندە دڵیان بەتۆ خۆشە، دەتۆش هەتاسەر بەم شێوەیەبەو واز لەو کەللە رەقییە بێنە وەعدبێ ئێمەش هەتاماوین خزمەتت بکەین و بێ دڵیت نەکەین.

کەریم وەك هەورە تریشکە گرماندی وگوتی: بێدەنگبە سەگی سەگ باب خراپی ئەومنداڵانە هەمووی لەبن سەری تۆیە و نایەڵی بەقسەی من بکەن، شەرتە دەبێ دارێك بەروحتا بێنم و هەر ئەم شەو ژن مارەبکەم، ئەوقسەیە هەموویانی راچڵەکاندو بە حەپەساوییەوە سەیری باوکیان دەکردو بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشا بوون، ئەمجارەیان کەریم رووی لە نەسرینی کچ ی کردوو گوتی: کیژم هەرچەندە دەزانم تۆ لەقسەی باوکی خۆت دەرناچی بەڵام باپێت بڵێم ئەمشەو وەستا رەحمان دێت و بڕیارم داوە ژن بەژنی لەگەڵ بکەم تۆش رووت خۆشبێت و بەخێرهاتنیان بکە ئەگینا قورئان بەحەقت بەساحێبت وەکو کار سەرت دەبڕم، وەستا رەحمان تەمەنی لە حەفتا ساڵان رەتی کردبوو دووکچی بێوەژنی هەبوو، بەکەریمی گوتبوو دەست لەسەر کامیان دادەنێی ئەمن رازیمە جلکی هەردوو لایانیش دەکەم، ئەوقسانە هەموویانی راچڵەکاند، نەسرین دەستی کرد بەگریان و هەموویان ژوورەکەیان جێهێشت، دوای کەمێك وەستا رەحمان لەگەڵ چەند پیاوێك و مەلای دێکەیان خۆیان کرد بەماڵی کەریم دا، دوای کەمێك دانیشتن مەلا رووی لە کەریم کردوو گوتی: کاك کەریم ئێوە لەسەر هەموو شتێك رێك کەوتوون؟ ئەویش گوتی: بەڵێ مامۆستا، دەکەواتە با ناوی خودای لێبێنبن، لەوکاتەدا فەرمانی کوڕی کەریم کە دوو ساڵ لەنەسرین بچووکتر بوو تەمەنی تازە گەیشتبووە پانزە ساڵان هاتە ژوورەوەو گوتی: مامۆستا ئێمە هیچمان بەوکارە رازینین بەتایبەتی نەسرینی خوشکم، کەریم هەڵسایە سەرپێو بەشەق و تێهەڵدات فەرمانی کردە دەرەوەو گوتی: با ئەو میوانانە بڕۆن وەعدبێ پارچە پارچەت بکەم دانیشتەوەو گوتی:

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

جەماعەت عەفووم كەن ئەوە قسەی خۆی نییە قسەی دایكیەتی چونكە پێش ئەوەی ئێوە بێن من قسەم لەگەڵ كچەكەم كردووەو ئەو ڕازییە، مەلاش بێ ئەوەی پرس بەنەسرین بكات لەوەستا ڕەحمانی مارەكرد و كچەكەی ئەویشی لە كەریم مارەكرد.

دوای ڕۆیشتنی وەستا ڕەحمان و پیاوەكان كەریم دەستی دایە دارێك و كەوتە لێدانی منداڵەكان و دایكیان ئەمجارەیان ڕووی كردە فەرمانی كوڕی و گوتی: سەگباب وات لێهات لەبابت هەڵگەڕێییەوە دارێكی كێشا بەسەریداو فەرمان كەوتە سەر زەوی نەسرین و دایكی خۆیان كێشا بەسەریدا بەڵام دوای كەمتر لەكاتژمێرێك بەهۆی سەختی برینەكەیەوە گەیەنرایە نەخۆشخانەو دوای هەفتەیەك مانەوەی گەڕایەوە ماڵەوە، سەرەڕای هەموو ئەمانەش كەریم هەر سوور بوو لەسەر بڕیارەكەی خۆی هەرچەندە خزم و كەس و براكانی داوایان لێكرد پەشیمان بێتەوەو واز لەو كارە بێنێت، ئەگەرچی نەسرین ئامادە نەبوو بچێت جلی بوكێنی بۆ خۆی بكڕێت بەڵام باوكی بەلێدات و هەڕەشە دایكی ناردبوو هەندێ شتی بۆ كڕیبوو، نەسرین نەك تەنها خەمی خۆی بەڵكو خەمی دایك و خوشك و براكەشی خستبووە كۆڵ و نەیدەویست ئەوانیش وەك ئەو سەرگەردان و دەر بەدەربن چونكە دەیزانی باوكی بەو ژن هێنانەی ژیانی ئەو دەكوژێت و ئەوانیش لەماڵەوە دەر دەكات. بۆیە لەرۆژی گواستنەوەیدا دەرگای حەمامەكەیانی لەسەر خۆی داخست و ئاگری لەجەستەی خۆی بەرداو تا بووە خۆڵەمێش كەس نەیتوانی دەرگاكە بكاتەوە.

Bahrawar_s@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.